# شەهید .. قوربانیەك لە ڕابردوو..!

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



لە ئێستاداو بەتایبەت لەوکاتەوە کە پڕۆژە یاسای کاری وەزارەتەکان رویەکی جدی وکارایان وەرگرتووەو یەك بە دوای ئەویتردا دەخرێتە بەر گفتوگۆ . خەڵك بە کەمێك گومان وهەڵوێستە لە سەرکردنەوە لە پرۆسەکە دەروانێت ومەترسی هەیە لە ئەدا کردنی پرۆژە یاساکان ، بەتایبەت برۆژە یاسای کاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان و پێیان وایە ئەوەی لە پەرلەمان خرایە بەرباس جۆرە گەرانەوەیەکی رابردوی یاساکانی بەعسی تیایە و وادیارە وەزارەتی ناوبراو دەیەوێ هەمان یاساکاری بەعس زیندووبکاتەوە. مەترسی خانەوادەی شەهیدان لەوەیە کە ئەم کەڵچەرە ترسناکە لە ئەقڵیەت ولێکدانەوەی حیزبی دەسەڵاتداری کوردیدا رەنگدانەوەی هەبێت ولە مەسەلەی شەهیداندا هەمان رابردوو دووبارە بێتەوە . چونکە بەعس هێندەی گرنگی بە ناوی شەهید دەدا لە سیاسەتی رۆژانەیدا هێندە بە شێوە عەمەلیەکەی کاری لە سەر خزمەتی شەهیدان نەدەکرد و نەیکردبوە خاڵی بنە رەتی لە رەوتی کاری سیاسەتی رۆژانەیدا . ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ئێستاشدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت وجێ مەترسیە چونکە چەمکی سیاسەت لەنێو کلتوری ئێمەدا چەمکێکی میزاجی و پەرپوت بوەو نەبوەتە بابەتی لێوردبونەوەو تێڕامانی بابەتیانە. چەمکی سیاسەت لەلای ئێمە ئەگەر بەشێوە زانستیەکەی بیخوێنینەوە ئەوە تەواو پێچەوانەی ئەو مەغزاو لێکدانەوە دیموکراسیەیە کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا مومارەسە دەکرێت و بۆتە رێچکەی ژیان . لەکۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا سیاسەت و سیاسەتکاری مۆدێلێکی ژیاریانەی وەرگرتوەو بەشێوەیەکی گشتی تەوزیفی سەر پنت و بنەماکانی سیستەمی دەسەڵات و یاساکانی حکومەت دەکرێ و کراوەتە دەروازەیەك بۆ هەنگاونان بەرەو گەشەی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵگا ، ئەوان بە پشت بەستن بە ئەزمونی رابردوو کە جۆرێکە لەبانگەشەی خزمەتی داهاتوو کارلەسەر پراکتیزەکردنی سیاسەت دەکەن و پێیان وایە ئەزمونەکانی رابردوو دەتوانێ ببێتە دەروازەیەك بۆخوێندنەوەی داهاتوو تەواوی مەسەلە هەستیارەکانی تایبەت بە سیستەمی دەسەڵات، هەربۆیەشە دەبینین تەواوی یاساو رێساکان لە و کۆمەڵگایانەدا جێ متمانەی خەڵکەو بەشێوەیەکی بابەتیانە کاری لەسەر دەکرێت و میزاجیەت وروحی پەراوێزخستن نەبوەتە لەمپەرلە سەر رێی پرۆسەکانی ئاڵوگۆردا ، توخم و رەگەزەکانی دانانی یاسا و حکومەت کردن پەیوەستە بە رووحی کارکردنی خەڵکەوەو بەبێ ئەو روحە یاساکان تووشی شکست و لێکترازان دەبێت و ناتوانرێ لەرێگەیەوە خزمەت بە بەهاو نۆرمە جیاوازەکانی یاساکانی دەوڵەت بکرێ ، بەڵام ئەم تێڕوانینە پڕاوپڕی لای ئێمە پێچەوانەیەو دەسەڵاتی حزب لێرە لەم کۆمەڵگای ئێمەدا دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵ کارەو بوارنادا بەوەی کەخەڵك بەشداربێت لە سترۆکتۆری ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بەژیانی رۆژانەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە وهێندە ئەمبەرو ئەو بەری کردوە هێندەش یاسای گۆڕیوە کەسنازانێ بەچی یاسایەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وکامە یاسا تەواوە . بۆنمونە یاساکانی دەزگای

شەهیدان ، لەیەك دوو ساڵی رابردووەوە تائێستا چەندین ئاڵ وگۆری بە سەرداهاتوەوبە چەندین شێوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوەکەچی لە هەموو ئەم مەسەلانەشدا شەهید وەك رەمزی بەرگری و مانەوەی هەنگاوکانیان بوەتە ئامرازی سوێند خواردنیان و مەیسەر بوونی کارەکانیان ، حزب بۆخۆی و لە نەستی خۆیداو لە ئیشکردنی رۆژانەیدا لەسەربنەمایەکی تۆکمە کاری لەسەر فۆرم و نێوەڕۆکی شەهیدان کردوەو زۆلانە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیدا خستویەتیە رووچونکە دەزانێت شەهید کە قوربانیەکی پیرۆزە لەنەستی تاکی ئێمەداو ئەمەش دەتوانێ ببێتە نوێنەری شتگەلێکی گرنگ کە حزب لەزۆر لەقەیران و تەنگەژە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان رزگاردەکات بەتایبەت لەکاتێکدا کە پێکهاتەکانی حزب و سیستمی دەسەڵاتدارێتی سیاسی بکەوێتە بەرمەترسی و هەڕەشەی ناشیرین بوون و بەرپابوونی فەوزای گەندەڵی و بێ سەروبەری ئیداری. لە زۆرمەسەلەدا کەسایەتی شەهید هێنراوەتە گۆڕێ و وەك جەمسەرێکی دژ و پێچەوانەی واقعی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکە کاری لەسەر کراوەو بوەتە رەمزی پاکی و بێگەردی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدارو ئەوانەی پەیوەندیان بە یاساو رێساکانی دەزگای حکومەیەوە. ئەوان باش دەزانن کە رابردوو لای تاکی ئێمە رابردووی شۆڕش و قوربانی دانەو شەهیدیش فۆرم و ناوێکی پیرۆزی لەونێوانەدا وەرگرتوە و لەروحێکی مردووەوە بوەتە سیمبوڵی رزگاری و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەونرخ و بەها جوانانەی کە لە شۆڕشدا بونیان هەبوە بەڵام لە راستیدا ئەمە لە لەلای حزبی دەسەڵاتدارمەسەلەیەکی یەجگار بێ نرخ و بەهایەو لە دۆخە ئاسایەکاندا شەهید لە پیرۆزی و پاکێتیەوە بوەتە کۆمەڵە دروشمێکی بەکاربەرو لە هەڵوێست و جوامێریەوە کراونەتە کەرەستەی گوتاری سیاسی و لەرێگەیەوە مامەڵەو سەودا بەئایندەو رابردویانەوەدەکرێت و لە نێوەرۆکیشدا هیچیان پێ نەبەخشراوە . گەر وانیە بۆ لە یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالدا کە تازە بەتازە خراوەتە روو گرنگی ئەو رابردوە بچوك کراوەتەوەو بوەتە مەسەلەیەکی لاوەکی، بەمەرجێ لەخودی پێشەکی یاسای وەزارەتەکەدا کە خراوەتە بەردەستی پەرلەمان زۆر بەبایەخەوە قسەلەسەر شەهیدان و خانەوادەکانیان کراوەو کەچی لەناوەرۆکدا ئەمە پشت گوێ خراوەو باسی ناکرێ، لەزۆر لە خاڵەکانی ئەو یاسایەدا پاداشتی شەهیدان و خانەوادەکانیان هێندە بەرتەسکە وەك ئەوە وایە کە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی لای ئێمە ماوەی پەنجا ساڵی پڕکردبێتەوە و چیتر پێویستی بەوە نەبێ خزمەت بە شەهیدان و خانەوادەکانیان بکات ، بەڵام بیری چوە کە یەك دوو ساڵێکە ئەو حکومەتەی کە ئێستا یەك خراوە بەجۆڕەجۆر پاداشتی شەهیدان و کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی داوەتەوەو هەموو ئەو پاداشتەش کۆبکەرەوە نەسریەیی بەرپرسێکی باڵادەستی حزبی نییە کە ئێستا دێت و قسەلەسەر دانانی یاسایەك دەکا بۆ شەهیدان ، گرفتەکە لێرەدایە کە خودی وەزارەتەکە و ئەقڵیەتی وەزیر و دارێژەرانی وەزارەتەکە وایە نەك یاساکە ، مەترسی و تێڕامانی من لەسەر ئەم مەسەلەیە لەوەدایە کە ئەمانە یاسادەنوسنەوەو دەیکەنە ئەمری واقیع کە بڕوایان بەپاداشت و خزمەتی خانەوادەی شەهیدان نییە پێدەچێ بتوانرێ دەستکاری ناوەڕۆکی یاساکە بکرێ بەڵام ناتوانین دەست کاری بنەماکانی بیرکردنەوەی ئەوانە بکەین کە ئێستا رەشنوسی ئەو یاسایەیان خستوەتە روو ، لە حاڵی پەسەندکردنی یاساکەشدا زۆر بەروونی ئەوە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی کوردی دەیەوێ لەیەك کاتدا بیسەلمێنێ کەئەو رابردوو پەراوێز دەخات

وهاوكات ياساش دادەرێـژێت . بـەلاّم لـە راسـتيدا ئـەم لێكدانـەوەو تێروانينـە بۆخـۆی مەترسـييەكی كوشندەيەوبەئەگەری هەڕەشەيەكی پێگير دەزانرێ لە سەر كۆی ژيان وپاشەرۆژی خانەوادەی شـەهيدان و تەواوی ئەوانەی قوربانيان بەخشيوەتە كۆمەلگای كوردی وئەو بزاوتە نيشتمانيەی كە ئێستا دەيەوێ لـە سـەر نەخـشەی پاداشـت وقەرەبووكردنـەوە بيانـسڕێتەوەو چـيتر شـانازيان پێـوە نـەكرێ، بۆيـە وادەخوازێ تەواوی لايەنە سياسی ورێكخراوە مەدەنيـەكان لـە سـەر ئـەم جۆرە بيركردنەوەيـە بـەدەنگ بێن ورێگە نەدەن ئاوا شـەهيدان وخانـەوادەی قوربانيـان پـەراوێزخرێن چونكە لـە پـەراوێز خـستنيان دەسەلاّتی كوردی وتەواوی بزاوتی نيشتمانيمان دەكەوێتە بەر لۆمەو تانەو تەشەری توندو ناشرين ...